# حوكمی وێنە لەشەرعدا

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم.....

ئەم باسە بابێكە لە كتێبی (الجامع الفريد) كە باس لە حوكمی وێنە گرتن دەكات لە ئیسلامدا، وەهەروەها هەڕەشە لێ كردنو گەورەیی تۆڵەو سزای خوا باس دەكات بەرامبەر بە وێنەگرەكان، چونكە لایەنی وێنە گرتنو وێنە كێشان بابەتێكە پەیوەندی بە تەوحیدو عەقیدەوە هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە خوای گەورە سزاو تۆڵەیەكی زۆر سەختی داناوە بۆ ئەو كەسانەی كە كاریان وێنە گرتنو وێنە كێشانە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمەی موسڵمان خۆمان لەم كارە بپارێزین تابەر هەڕەشەو سزای زۆر سەختی خوای گەورە نەكەوین.

دەتوانین بە شێوەیەكی زۆر كورتو پوخت لەم بارەوە بدوێینو ئاماژە بە گرنگترین خاڵی پەیوەندی دار بە باسەكەوە بكەین ئەویش بە شێوەی پرسیارو وەڵام تا خوێنەر بە باشی لە باسەكە بگات.

**س1:** لایەنی وێنەگرتن یان وێنە كێشان چ پەیوەندیەكی بە لایەنی تەوحیدو عەقیدەوە هەیە؟

**ج:** پەیوەندی نێوانیان لەوەدایە كە كابرای وێنەگر یان وێنەكێش كاتێك وێنەی روح لەبەرێك (مرۆڤـ– حیوانات) دەگرێت یان دەكێشێت ئەوە خۆی شوبهاندووە بە لایەنی دروست كردن وە بە خوای گەورە، واتە: ئەوەی خوای گەورە دروستی كردووە ئەمیش وەكو خوای گەورە دروستی دەكاتەوە، سیفەتی خالقێتی بۆ خۆی ساز دەكاتو دەڵێت: خوا چۆن دروستی كردووە منیش وەكو ئەو دروستی دەكەم، لەبەر ئەمە هەر كەسێك ئەمە پیشەی بێت پیشەكەی پێچەوانەی بیروباوەڕو عەقیدەكەیەتی، چونكە دەست تێوەردانە لە سیفەتی خالقێتی خودادا، لەبەر ئەوەی مەسەلەی تەصویر (خلق)ە، واتە: شتێكە دروست دەكرێتو ئیبداعە، چونكە شتێك لە نەبوونەوە دێنێتە بوون بەو شێوەیە كابرای وێنەگرو وێنەكێش ڕوح لەبەرەكان لایەنی شەریكایەتی بۆ خودا قەرار دەدات پەنا بەخودا لەوەدا كە دەڵێت: منیش دروستی دەكەم چۆن خوای گەورە دروستی كردووە.

**س2:** ئایا بەڵگە هەیە لەسەر حەرامێتی وێنە گرتنو وێنە كێشان، وەلەگەڵ سزای سەختی ئامادەكراو بۆ وێنەگرو وێنەكێشەكان؟

**ج:** بەڵێ چەندەها بەڵگە هەیە لەسەریان:.

1– عن ابن عباس رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول:

(كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفسا فيعذبه في جهنم)[1].

واتە: هەموو وێنەگرو وێنەكێشێك لە ئاگردایە، وە بۆ هەر وێنەیەك كە گرتوویەتی یان كێشاویەتی نەفسێكی بۆ دروست دەكرێت و سزای دەدات لە ئاگردا.

---

(1) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: 4554، ومشكاة المصابيح: 4498، وصحيح الترغيب والترهيب: 3054).

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا کە بە مەرفوعی هاتووە دەفەرمێت:
(من صور صورة في الدنيا كلف أن ينفخ فيها الروح يوم القيامة وليس بنافخ)(2).
واتە: هەر کەسێك وێنەیەك بگرێت یان بیکێشێت لە دونیادا خوای گەورە تەکلیفی لێ دەکات لە قیامەتدا کە ڕوح بکات بەبەریدا لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت.
**تێبینییەك:**
هەردوو بڕگەی (کل)، و(من)، دوو بڕگەی گشتین هەموو وێنەیەکی ڕوح لەبەرو هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە.
وە هەروەها لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:
(أشد الناس عذابا يوم القيامة الذين يضاهون بخلق الله)(3).
واتە: بەهێزترین سزا لە قیامەتدا کە ئامادەکراوە بۆ کەسانێکە کە خۆیان ئەشوبهێنن بە خوا، وە لایەنی دروست کردن وە لەبەر ئەوە وێنەگرو وێنەکێشان ئەوانەی بەردەوام خەریکی وێنەگرتنو وێنە کێشانن لە قیامەتدا توندترین سزایان بۆ دانراوە لەبەر ئەوەی لە مەسەلەی خالقی دا خۆیان شوبهاندووە بە خوای گەورە.
**س3: واتای (یضاهون بخلق الله) چییە؟**
**ج:** خۆ شوبهاندنە بە خوای گەورە لە مەسەلەی خالقی دا بە وێنەگرتنی یان وێنە کێشانی دروست کراوەکانی خوای گەورە کە ڕوح لەبەرن جا مرۆڤ بێت یان حەیوانات.
بەڵگە بۆ ئەمە: عن أبي هريرةؓ قال: سمعت رسول اللهﷺ يقول: قال الله تعالى: (ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي، فليخلقوا ذرة أو ليخلقوا حبة أو شعيرة)(4).
واتە: کێ لەو کەسە زاڵم ترە کە دروستی بکات وەکو شێوەی ئەوانەی من دروستم کردووە لە ڕوح لەبەران جا ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەنو دەتوانن با مێروولەیەکی بچوك دروست بکەن، یان دەنکە گەنمێك کە بچێنرێت سەوز بێت، یان دەنکە جۆیەك گەر ئێوە ڕاست دەکەنو بەتوانان.
**س4: واتای ئەم وشانە چییە کە لە حەدیسەکەدا هاتووە؟**
الذرة: مەبەست پێی مێروولەیەکی بچوکە.
حبة: دەنکێکی بچوك لە گەنم یان جۆ.
**س5: مەبەست لەم حەدیسە لە چیدایە؟**
**ج:** مەبەست لەم حەدیسە بێ دەسەڵاتی وێنەگرەکانو وێنەکێشەکان دەسەلمێنێ لە کاری دروست کردندا، لە پێشدا خوای گەورە تەکلیفی ئەوەی لێ دەکات کە با ڕوح لەبەرێك کەوا مێروولەیەکی بچوکە

---

(2) (صحيح الجامع الصغير: 6371).
(3) (صحيح سنن النسائي: 5356، ومشكاة المصابيح: 4495).
(4) (أخرجه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: 3056).

دروست بکات، پاشان دەفەرمێت: گەر ڕوح لەبەرتان بۆ دروست ناکرێت فەرموون شتێکی بچوکی وەکو دەنکە گەنمێ یان جۆیەك دروست بکەن کە ئەم داوایە سووکترە لە داواکەی پێش خۆی، بەڵام ئەوان بێ دەسەڵاتن لەم حاڵەتەیشدا ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن.

*ئەو سوودانەی لەم فەرموودانە وەردەگیرێت:.

1- حەرامێتی وێنەگرتن یان وێنە کێشان دەسەلمێنێ، وە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

2- دانانی سزایەکی زۆر سەخت بۆ وێنە گرەکانو وێنە کێشەکان کە دانراوە لەگەڵ ئەوەی کە لە هەموو خەڵکی سزایان زۆر ترە.

3- خوای گەورە بۆ گرتنی هەر ڕەسمێك کە گرتوویەتی یان کێشاوێتی نەفسێکی بۆ دروست دەکات کە سزای پێ دەدات لەناو جەهەنمدا، وە فەرمانی پێ دەکات کە ڕوح بکات بەبەریدا.

**س6: هەڵسوکەوتت بەرامبەر وێنەو ڕەسم کە گیراوە یان کێشراوە دەبێت چۆن بێت؟**

**ج: هەڵسوکەوتمان بەرامبەریان دەبێت بەو شێوە بێت کە پێغەمبەری خوداﷺ فێری کردووین یان فەرمانی پێ کردووین کە چۆن بین وەك لەم فەرموودەیەدا بە ڕوونی فەرمانی پێ کردووین کە چۆن بین.**

**عن أبي الهياج الأسدي قال: (قال لي عليرضي الله عنه: ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول اللهﷺ لا تدعن قبرا مشرفا إلا سويته ولا صورة في بيت إلا طمستها)(5).**

*** واتای هەندێ لە ووشەکانی فەرموودەکە:**

أبعثك: ناردنو فرمان پێ کردن.

لا تدع: مەیهێڵە.

طمستها: نەختی بکەو ڕێکی بکەرەوە.

مشرفا: بەرزیەکی بەرز.

سويته: یەکسان کردن تا ئاستی ڕووی زەوی.

**واتای فەرموودەکە:**

أبي الهياج الأسدي دەفەرمێت: ئیمامی علیرضي الله عنه پێی فەرمووم بتنێرم بۆ کارێك کە پێغەمبەری خوداﷺ منی پێ ناردووە پێشتر ئەویش ئەوەیە کە هیچ قەبرێکی بەرز نەبینیت لەچاو قەبرەکانی تردا کە بەرزە ئیلا تەختی بکە تا لەگەڵ ئەوانەی تردا یەکسان دەبێت، یان هیچ قەبرێك نەبینیت کە خانووی لەسەر کرا بێت ئیلا خانووەکە بڕوخێنی، وەهیچ وێنەیەك کە ڕوح لەبەر بێت نەبینیت ئیلا لەناوی بەریت ونەیهێڵێت وبیفەوتێنیت ، بتنێرم بۆ کارێکی ئەوها کە پێشتر پێغەمبەری خوداﷺ منی پێ ناردووە.

کەواتە هەڵوێستمان بەرامبەر وێنە ڕوح لەبەرەکان شکاندنو لەناو بردنیانە، نەهێشتنیانە لەناو ماڵدا یان لە هەر شوێنێك کە وێنەو ڕەسمی تێدایە.

*** ئەو سودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت:**

---

(5) (صحيح سنن النسائي: 2031).

1- حەرام بوونی دانانی ڕەسم لەناو مەجلیسدا یان هەڵواسینی بەقەد دیواریماڵەوە.
2- پێویستە وێنە گیراوەکە بشکێنرێو بفەوتێنرێ بە پێی توانا.
3- پێویستە قەبری بەرزەوەبوو لابېرێتو تەسویە بکرێ لەگەڵ زەویدا تا وەك قەبری سوننەتی لێ دێت، **ئەمەش ئەرکی سەرشانی کاربەدەستانە نەك تاك تاکی خەڵکی بۆ ئاگاداریتان.**
* لایەنی لابردنو شکاندنو فەوتاندنی وێنەکان بۆچی؟
-چونکە ئەو کەسانەی کە وێنەکەیان گرتووە یان نەخش کێشاوە خۆی شوبهاندووە بە خوای گەورە تۆش کە ڕێگەت پێ داوە کە وێنەت بگیرێت یان بکێشێت تۆش بەشدار دەبیت لە تاوانەکەیدا چونکە یارمەتیو هاوکاریت کردووە بۆ کاری خراپو سەرپێچی.
* لایەنی گۆڕەکە بۆچی؟
-چونکە بەرز کردنەوەی گۆڕەکە لەچاو ئەوانی تردا سەردەکێشێت بۆ فیتنەو ئاژاوەو خەڵك لە دین لادەدات بەهۆی کابرای ناو گۆڕەکەوە کە تۆ پێت وایە فەزڵی بەسەر ئەوانی تردا زیاترە وە سەردەکێشێ بۆ کوفرو هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا.
پاش ئەوەی زانیمان حوکمی وێنەگرتنو وێنەکێشان چىیە، وە حوکمی هێشتنەوەی لە ماڵدا چىیە، ئێستا دێینە سەر ئەوەی کە حوکمی وێنە گرەکە یان وێنە کێشەکە چىیە؟
**س7:** حوکمی وێنەگرو وێنە کێش چىیە؟
**ج:** حوکمی وێنە گرو وێنە کێش ئەمەیە:
1- ئەگەر مەبەستی لەو وێنەیە کە گرتوویەتی یان کێشاوێتی یان دروستی کردووە خۆ شوبهاندن بێت بە خوای گەورەوە، یان بۆ ئەوە دروستی بکات کە بپەرسترێتو بەندایەتی بۆ بکرێت وەك بت دروست کەرەکانو بڵێ خوا چۆن دروستی کردووە منیش بەو شێوە دەتوانم دروستی بکەم لەم حاڵەتەدا کابرای وێنە گرەکە کافر دەبێتو ئیشەکەیشی پێچەوانەی بیروباوەڕەکەیەتی، پەنا بەخوا.
2- ئەگەر مەبەستی لەو وێنەیە خۆشوبهاندن نەبوو تەنها بۆ جوانی یان یان بۆ حەز یان بۆ هەر شتێکی تر مەبەستی بوو ئەوا لەو کاتەدا کابرای وێنەگرەکە فاسقە، چونکە ڕەسم گرتنو کێشان تاوانێکی گەورەیە، هەرکەسێکیش تاوانی گەورە ئەنجام بدات فاسق دەبێت پەنا بەخوا گەر بەردەوام بوو لەسەری، وە شایستەی ئەوەیە کە هەڕەشەی لێ بکرێتو عقوبەیەکی بەهێزو توندو تۆڵی بۆ بەکاربهێنرێ.
**س8:** مەبەست لە وێنە حەرامەکان کامانەیە کە بکەرەکەی سزایەکی زۆر سەختو دژواری بۆ دانراوە؟
**ج:** مەبەست لە وێنە حەرام کراوەکان ئەو وێنانەن کە ڕوحیان تێدایە بە شێوەیەکی گشتی، وە (مرۆڤ و حەیوانات) بە شێوەیەکی تایبەتی جا ئەم وێنانە بە کامێرا وێنەی بگیرێت یان بە کامێرای ڤیدیۆ بێت یان موبایل بێت یان بە دەست دروست بکرێت یان لەسەر دار هەڵبکۆڵرێت یان بە مواد دروست بکرێت بە شێوەی جسمو هەیکەل یان بە شێوەی پەیکەرو بت دروست بکرێت، واتە: بە هەرشتێكو بەهەر شێوەو شکڵێ تا ڕۆژی قیامەت هەمووی حەرامەو حوکمەکەیش بۆ گشتىیە، وە هەموو بەڵگەکانیش دەلیلن

لەسەر هەمووی بەڵام جگە لە وێنەی (مرۆڤ و حیوانات) هەموو وێنەیەکی تر دروستەو ئاسایی‌یە چۆن وێنەی دەگری بۆچی دەیگری بۆ چ مەبەستێ هەمووی دروستەو ڕێی پێ دراوە.

**تێبینی:** هەر کاتێك ئەگەر سەری ڕەسمەکە لێ بکەیتەوە ئەوا ئەو کات ڕەسمەکە کاریگەری نامێنێت واتا ڕەسم بە سەرەوە ڕەسمە هەر کاتێك سەری پێوە نەما وەکو بێ ڕوحێکی لێ دێتو ئەم حوکمانە شمولی ناکات.

**س9:** لەبەر چی وێنە گرتنو کێشانو دروست کردنی ڕوح لەبەر حەرام کراوە؟ هۆکارەکەی چی‌یە؟ بۆچی ئەو سزا قورسەی بۆ دانراوە؟

**ج:** هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەڵسان بەو ئیشە دەست تێوەردانیکە لە ئیشی خوای گەورەو خۆ شوبهاندنە بە ئەو، وە جۆرێکە لە بێ ئەدەبی نواندن بەرامبەر بە خودا، چونکە خوای گەورە خالقی ئێمەیە چۆن بیەوێت ئاوها ئێمە دروست دەکاتو شێوەو شکڵمان پێ دەبەخشێت، وە ڕزقو ڕۆزیمان دەدات وە ئەمانژێنێتو دەمان مرێنێت خوای گەورە خۆی وێنەی دروستکراوەکانی دەکێشێتو خۆیشی دابەشی دەکات بەسەریاندا مرۆڤ شێوەی ئەوها بێت، حەیوانات شێوەیان ئاوها بێت دروستکراوەکانی تر شێوەیان ئاوها بێت لەبەر ئەم لاسایی کردنەوەی خوای گەورە لە دروستکراوەکانیدا ئەوا خۆشوبهاندنە بە خوای گەورەوە لەوەی خوای گەورە چۆن دروستی کردووە ئەمیش بەهەمان شێوەو شکڵو قەبارە دروستی دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە کابرای وێنەگرو وێنەکێش هەر کاتێك کە وێنەیەك دروست دەکات بۆی دەبێت بە نەفسێك ئازاری پێ دەدرێتو داواشی لێ دەکرێت کە ڕوح بکات بەبەریدا، بەڵام ناتوانێ لەبەر ئەوە بەقەدەر ئەو وێنەیەی لە دونیا کێشاویەتی دەبێت بمێنێتەوە لە ئاگردا، وە سزاکەی لە هی هەموو کەس زیاترە چونکە تاوانەکەی گەورەیە.

**پوختەی قسە:** ڕەسمەکان دەکرێن بە چەند بەشێکەوە:.

1- هەندێکیان جائزنو ڕێگە پێ دراون وەك وینەی دارو شاخو دەریاو خانوو سەیارەو ڕۆژو مانگ.... هتد، ئەوانەیشی ڕێگە پێ نەدراون وێنەی ڕوح لەبەرە لە مرۆڤ بێت یان حەیوانات کە سزای زۆر سەختی بۆ دانراوە.

2- وە ڕەسمی پەیکەرو بتو تەماثیل هەموو ئەمانەش حەرامنو ڕێگە پێ نەدراون بە تێکڕای یەکدەنگی زانایان.

3- ئەو ڕەسمانەی کە سێبەریان نی‌یە، یان بە شێوەی هەیکەل دروست نەکراون واتە: بە بۆیە دروست کراون حەرامن بە لایەنی زۆربەی زاناکانەوە لەبەر گشتی بەڵگەکان.

4- ئەوەی کە بۆتە بەڵایەکی گشتی کە ڕەسم گرتنێکی بچوکە بۆ کاری معامەلاتو هەویەو جنسیە کە بە ڕاستی ئەمەش جۆرێکە لە بەڵا ئەمانە لایەنی زەرورەتەو دروستە ئەوەندەی کە مەبەستەکەت تەواو بکات دروستەو ڕێ پێدراوە.

5- ئەگەر وێنە بەسەر ڕاخەر یان فەرشێکەوە بوو خەڵکی بەسەریدا دەڕۆیشتن ئەوا دروستەو هیچی تێدا نییە، چونکە بۆ بێ ڕێزی وإهانەیەو بێنرخە لەلات وبەسەریدا دەڕۆیت، یاخود هەندێ جار وێنە بە پۆشاکی ژێرەوەیە بە تایبەتی بە (حفاظه) ی منداڵەوە ئەمیش بەهەمان شێوە بۆ بێ ڕێزی ئەو وێنەیەیە وئاساییە چونکە منداڵ میز وپیسی بەسەردا دەکات.

6- هەروەها دروستە لە ماڵدا بۆ کیژۆڵە بچوکەکان کە بووکە شووشەیان هەبێت بۆ ئەوەی یاری پێ بکەن وخۆیانی پێ سەرقاڵ بکەن، هەروەها وەکو ڕاهێنانێك بۆ داهاتویان کە چۆن منداڵ پەروەردە بکەن، بەڵگەیشمان بۆ ئەم قسەیە دوو فەرموودەیە:

- عائیشە (خوای لێ رازی بێت) دەفەرموویێت: (من لە ماڵەوە بووکە شوشەم هەبوو بۆ یاری کردن، پێغەمبەریشﷺ دەچوو هاوڕێکانمی بانگ دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵمدا یاری بکەن) [أخرجه البخاري ومسلم وأحمد].

- لە ربيع بنت معوذ دەفەرمێت: پێغەمبەرﷺ بەیانی ڕۆژی عاشورا(10ی محرم) هەواڵی نارد بۆ دێهاتەکانی دەوروبەری مەدینە وپێیانی فەرموو: (هەرکەسێك لە ئێوە کە ڕۆژی لێ بۆتەوە وبەڕۆژوو نەبووە با ئیتر شت نەخوات هەتا ئێوارە، وە ئەوەیشی کە بەڕۆژووە با بەردەوام بێت لەسەر ڕۆژووەکەی)[6] ئێمەیش بەڕۆژوو دەبووین ومنداڵەکانیشمان بەڕۆژوو دەبوون، دوایی دەچوین بۆ مزگەوت لە خوری بووکە شووشەمان بۆ دروست دەکردن بۆ ئەوەی کاتێك ئەو منداڵانە بگریانایە یان برسیان بووایە، ئەو بووکانەمان پێ بدانایە بۆ ئەوەی ژیرەوە بوونایەو وبرسێتیان بیر بچوایەتەوە.

**چەند تێبینیەك:**

1- کەسی وێنەگر یان وێنە کێش کاتێك وێنەیەك دەگرێت یان دەکێشێت ئەو کەسە ستەم کارە، چونکە خوای گەورە لە حەدیسە قودسیەکەدا دەفەرمێت: (ومن أظلم ممن ذهب....).

واتە: کێ لەوە ستەم کارترە.... کە دروستی بکات وەکو ئەوانەی کە من دروستم کردووە...) ئەم فەرموودەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە کەسی وێنە گرو وێنە کێش زاڵمە بەهۆی ئەو کارەی کە دەیکات ئەمەش بۆ ئەوەیە کەئەو ڕاستییە بزانێتو لێی دوور بکەوێتەوە کە ئەوەندە تاوانێکی سەختە.

2- لە حەدیسەکەدا دەفەرمێت: (فليخلقوا ذرة...) ئەم زاراوەیە هەم بۆ ئەمر کردنە، هەم بۆ تەحەداو بێ دەسەلاتیە، چونکە ئەوان ئیشی خالقێتیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە کە ناشتوانن خوای گەورە تەحەدایان دەکات پێیان دەفەرمێت: کە ئێوە دەڵێن ئێمەش شت دروست دەکەین فەرموون مێروولەیەکی بچوك دروست بکەن، پاشان دەفەرمێت: ئەگەر ناتوانن لەوە ئاسانتر فەرموون دەنکە گەنمێك یان جۆیەك دروست بکەن کە کاتێك بیچێنیت سەوز بێت لە داهاتودا، کەواتە ئەوانەی خەریکی وێنە گرتنو وێنە کێشانن بێ دەسەلاتن خۆیان لە شانی کارێك داوە کە ناتوانن سەرکەوتووبن تێیدا.

---

(6) ( صحيح سنن ابن ماجة: 1735).

3- کابرای وێنەگر یان وێنە کێش کاتێ وێنەکە دەکات بڵێت مەبەستم خۆشوبهاندن نیيە یان مەبەستم تەنها بۆ حەزو خۆشیە لەو کارەمدا هیچ جیاوازی نییە گرنگ دەرەنجامی ئیشەکەیە کە ڕووی داوەو وێنەکەی گرتووە یان کێشاوێتی، چونکە وەکو کەسێك وایە کە پۆشاکی کوفرو ناشەرعی لەبەر بکاتو بڵێت مەبەستم خۆشوبهاندن نیيە بە ئەوانەوە، تۆ گرنگ ئەوەیە پۆشاکەکەت لەبەر کردووە ناشەرعییە جا مەبەستت ئەوە بێت یان ئەوە نەبێت لەبەر ئەوە مەسەلەی ڕەسم گرتن خۆشوبهاندنە بە خواوە لەکاری خالقی دا جا بزانی یان نەزانی، مەبەستت ئەوە بێت یان ئەوە نەبێت، ئەگەر حوکم لەسەر مەبەست بدرێت ئەو کات ئەوا زۆر شتی حەرام حەڵاڵ دەکرێتو تاوانباریش وون دەبێت.

4- هەر وێنەیەك بگیرێت یان بکێشرێت ئەگەر تەنها رەنگ کردن بێت، یان تەنها هێڵکارییەکەی بێت ئەمیش هەر حەرامە.

لەبەر ئەوەی فەرموودەکە هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە، پاشان کە پێەمبەری خواﷺ هاتەوە بۆ ماڵی عائیشە(خوای لێ رازی بێت) تووڕە بوونی لە نێو چەوانی پێغەمبەرﷺ دەبینی، پاشان چاوی بە پارچە قوماشێك کەوت کە ڕەسمی تیا بوو عائیشە(خوای لێ رازی بێت) ووتی تاوانێکم کردووە؟! پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەوانەی ئەم ڕەسمانەیان دروست کردووە سزا دەدرێن لەسەریو پێشیان دەووترێت ڕووح بکەن بە بەریاندا لە قیامەتدا.

خۆ ئەو ڕەسمەی لەسەر قوماشەکە بوو نە سێبەری هەبوو نە جسمیش کەواتە فەرق ناکات ڕەسمەکە هەرچۆنێك بێت.

5- لایەنی وێنەکە بە ئالەیەك وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ زۆرترین ڕەسم بە کامێرا دەگیرێت، ئەوەی کە ڕەسم گرتن بە حەڵاڵ دەزانن دەڵێن: مەبەست لە حەدیسەکان وێنە کێشانە بە دەست یان پەیکەر دروست کردنە بە دەست، دەڵێن: بە کامێرا ڕەسم گرتن جیاوازە لەگەڵ بەدەست ڕەسم کێشان، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە بۆ سەلماندنی قسەکانیان باشە کاتێك کامێرا دەهێنرێت فلیمێکی تێ دەکرێت پاشان وێنەکانی پێ دەگیرێ پاشان کە دەچێت دەیشۆرێتەوە هەموو ئەمانە بە دەست ناکرێت هەر دەست نییە پەنجە دەنێت بە دوگمەکەدا بۆ گرتن، هەر دەست نییە بۆ جوڵەو ئاراستەی کامێراکە بۆ ڕووی وێنە بۆگیراوەکە، باشە ئەگەر دەست نەبێت کامێرا لە خۆوە ئەم کارانە دەکات هەموو ئەم ڕاکردنو پشت کردنە لە بەڵگەکان بۆ حەڵاڵ کردنی ڕەسم گرتنە کە کراویشە.

6- هەروەها کامێرای ڤیدیۆیش هەمان حوکمی هەیە بە هۆی ئەو سیفەتانەی کە هەیەتی بۆ تەصویری ڕوح لەبەرەکان تەنها شتێك لە تصویردا ڕێگەی پێ درابێت ئەوەیە ئەو تەصویرە بۆ کاری شەرعیو سود گەیاندن بە موسڵمانان بەکاربهێنرێت، بۆ تەصویری بێ ڕوح دیسان دروستە، بەڵام بۆ کاری زیان بەخشو بێ کەڵك حەرامەو هەمان سزاو حوکمی وێنەگری هەیە، بۆیە پێویستە زۆر بەئاگابین لە بەکارهێنانی ئەم ئامێرەدا بزانی بۆ چ مەبەستێك بەکاری دەهێنیت تا بەر سزاو هەڕەشەی سەختی پەروەردگار نەکەوی.

7- ئەگەر ڕەسمی ڕوح لەبەر هەبێت لە ماڵەکەتدا یان لە دووکانەکەتدا یان لە هەر شوێنێکدا دەبێت لەناوی بەریتو نەیهێڵیت جا ڕەسمەکە بە کامێرا گیرا بێت، یان بە دەست کێشرا بێت، یان وەکو پەیکەرو بتو جسم دروست کرا بێت، یان وەکو لەعابەی دەستی منداڵان دروست کرابێ یان هەڵواسرابێ بەقەد دیواردا، یان دانرابێ لەسەر مێز، یان ڕەسمەکە بە پۆشاکەوە بێت، وەك پەردەی ماڵەوە یان بە بەتانیو لێفەی نوستنەوە بێت یان بە ڕاخەرێکەوە بێت یان بە ئەشیای ناو ماڵەوە بێت، وەکو قاپ و شتی پێویستی ماڵ بۆ هەر مەبەستێك بێت ڕەسمەکە بۆ یادگاری بێت یان بۆ بەگەورە زانین یان بۆ ئیسراحەتی دەروونی بێت، بە هەر شێوەو شکڵو قەبارەیەك بێت هەوڵ بدە ئەوەی ئەتوانی لەناوی بەرە ئەگەر نەتوانی بەس کەلەسەرەکەی لێ بکەرەوە، ئەگەر نەتوانی تەشویشی لەسەر بکە تا شێوەی کەلەسەرەکەی دەگۆڕێت، وەك چۆن پێغەمبەرﷺ پارچە قوماشەکەیان بۆ کرد بە دوو کەرتەوە شێوەی ڕەسمەکەی لەسەر نەماو بەکاری هێنا وەکو بەرگێك بۆ سەرینو ئەو شتانە، چونکە بە هەبوونی ئەو ڕەسمانە مەلائیکەی ڕەحمەتی خوا نایەن بەماڵدا، وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمێت:
(لا تدخل الملائكة بيتا فيه كلب ولا صورة)[7] .

واتە: مەلائیکەی رەحمەت خوا ناچنە ماڵێکەوە کە سەگ یان وێنەی تێدا بێت.

هەروەها لەفەرموودەی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت: {جبریل (سەلامی خوای لێ بێت) هات بۆ لام وپێی وتم: دوێنێ شەو ویستم بێم بۆلات بەڵام ئەوەی ڕێگر بوو لە نەهاتنم ئەوە بوو پەیکەرێك لەسەر دەرگاکەتان بوو، وە لە ماڵیشەوە پەردەکەتان وێنەی پێوە بوو، لەهەمان کاتدا سەگێکیش لە ماڵتاندا هەبوو،جا فەرمان بکە ئەو پەیکەرە سەرەکەی لێ بکرێتەوە تا وەکو دارێکی لێ دێت، هەروەها ئەو پەردەیە بکە بە دوو پارچەوە وبۆ بەرگە پشتی(باليف) بەکاری بهێنە، پاشان سەگەکەیش لەماڵ بکە دەرەوە}[8]

وە هەوڵ بدە ئەو ڕۆژنامانەی یان ئەو کتێبانەی کە ڕەسمی پێوەیە کاتێك هێناتەوە بۆ ماڵەوە مەبەستت پێی ڕەسمەکە نەبێت، بەڵکو لەبەر بابەتەکانی ناوی یان شتی گرنگی ڕۆژنامەکە بیهێنیتەوە تا ئەیشتوانی ڕەسمەکانی لێ بکەیتەوە باشترە.

لە کۆتایدا ماوەتەوە بڵێین: هەر کەسێك ئەگەر بە ڕاستی شوێنکەوتەی حەقو بەرنامەی ڕاستی ئیسلامە بە یەك بەڵگەی ڕاست قەناعەت دەکاتو گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خواﷺ دەکات و خۆشبەخت و سەرفرازە لە ئەنجامی تەسلیم بوون بە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ، بەڵام ئەوانەی دڵیان نەخۆشەو چاویان بە حەقدا هەڵنایات ئەگەر سەد بەڵگەیشی بۆ باس بکەیت قەناعەت ناکاتو بەردەوام دەبێت لەسەر دژایەتی کردنی حەقو ڕاستی، دەسا خوایە لەوانەمان بگێڕە کە بەڕاستی شوینکەوتەی حەقو ڕاستین، وە پەنایشمان بدە لەو کەسانەی کە دژی ڕووناکیو ڕاستیو پاکیزەین،

---

(7) (صحيح الجامع الصغير: 7262).

(8) (صحيح الترغيب والترهيب: 3060).

ئەمە كۆی ئەو بەڵگانە بوو كە باسمان كرد لەسەر حوكمی وێنە لە ئیسلامدا لەگەڵ چەند ڕوونكردنەوەیەكی پێویست بە بابەتەكەوە كە بە شێوەیەكی كورتو پوخت باسكراو بە ئومێدی سوود گەیاندن بە هەمووان، وە ئەم بابەتە لە (جامع الفريد، بابی 61) وەرگیراوە لەگەڵ چەند ئیزافەیەكی پێویست بۆ باسەكە، لە كۆتاییدا هەوڵ بدە نە وێنەگربیت، نە وێنە بۆ گیراو بیت، چونكە هەردوو كارەكە باش نییەو پەسەند نییە وە هیچ كات لە ئاست تاواندا لە ڕوو دا مەمێنە، وە هەر كەسێك لەم كارە بە دوور بێت لایەنی عەقیدەو ئیمانی تەواوە، چونكە خۆی بە دوور گرتووە لە خۆشوبهاندن بە خواوە لەو ڕووەوە، وە لایەنی خالقێتی خوای گەورەی پاك ڕاگرتووە.

سبحانك اللهم وبحمدك ولا إله إلا أنت، استغفرك وأتوب إليك.

ئامادەكردنی مامۆستا عبدالكريم محمد قادر
ئیمام وخەطیبی مزگەوتی
ئیمان لە سلێمانی


# ماڵپەڕی فەرموودە

www.fermude.com